**با لەیادی ئەنفالدا**

**دەستان نەشکێنن**

**وەك ئەوەی لەهەڵەبجە گوللەبارانیان کردین**

**شایەدحاڵێکی هەردوو روداوەکە***

**برانی ئەنفال دیدەی گەرمیانم سڵاو .... دەمەوێت لەم یادە شومەدا بۆ ئێوە و لەیادی هەڵەبجەدا کەئەویش یادێکی شوم بوو بۆ ئێمە و خێرو بەرەکەت بوو بۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەکەمان کە تەنها خێرو بێرەکەی بۆ گیرفانی ئەوان بوو ، دواتریش دەسەڵاتە دیموکراسیەکەی کورد لەبری ئەوەی بەدەم خواست و داواکاریەکانمانەوە بێت بە بەربەریانەترین شێوە گوللەبارانیان کردین .**

**ئێمە یادەوەرییە تاڵەکانی خۆمان سوتاند بۆ ئەوەی بە جیهان بڵێین هەڵەبجە تەنها شاری شەهیدان نییە بگرە هێشتا زیدوشی تێدا ماوە و لەروی ناهەقیدا دەوەستنەوە .**

**ئێمە خاوەنی ئەو شەهیدانە بوین ئەو تابلۆو وێنانە رابردوی ئێمە بون نەك دەسەڵات بۆیە دەسەڵات بۆی نییە وەك داکۆکیکارو وارسی ئەو مەسەلەیە قسە بکات و خاوەنی مەسەلەکان گوللە باران بکات .**

**ئەمرۆ کەیادی ئەنفالەکانی ئێوەیە هاوکات یادی ئەو کورە گە نجانەیە کە پاش روداوەکەی** 2006/3/16 **لە هەڵەبجەدا ئەنفال کران .**

**ئەمرۆش دەسەڵات پاش ئەو بێحورمەتیەی بە خەڵکی هەڵەبجە کردی ئێستا شایەرو زورناژەن و دەربارو جاش راگەیاندنکارەکانی خستوەتە کار بۆ ئەوەی را پەرینی خەڵکی هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان لەکەدار بکات و دوا تیری ژەهراویان لەو بوارەدا کە هاویشتیان پاش ئەوەی کەنەیان توانی راستیەکان بە مێژگردوو دیدارەکانی سەرەگەورەکانیان و شایەرو جاشقەڵەمەکان لەکەدار بکەن هاتن لە رێگەی گاڵتەجارِیەکەی بەرنامەی بەرنامەوە کەوتنە کارکردن بۆ ئەو مەبەستە گڵاوە .**

**لێرەدا دەپرسم گەر ئەوان ئەو مەسەلەیان بە ئاسایی وەرگرت ئەی مامۆستا شاهۆی ناسراو بە ( چوپە رەش ) یان بۆ لاداوە؟**

**پاش ئەنفالەکەی دوای** 5006/3/16 **لەگەڵ کۆمەڵێك ( تەلەبە ) ی هەڵبجەیی لە زانکۆکانی کوردستاندا چوینە پەرلەمانی کوردستان و ژمارەمان** 50 **کەسێك دەبوو ، ئێمە نەك سەر بەهیچ گروپو رێخراوێك هاوپشتی نەکردین .**

**لە سەر لافیتەکان وەك کۆمەڵێك قوتابی هەڵەبجەیی لە زانکۆکالنی کوردستاندا خۆمان ناساندبوو .**

**کاتێك** 5 **لە هاوپیشەکانمان چونە مەقامی رەفیعی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بۆئەوەی پێی بڵێن خەڵکی هەڵەبجە لە دەسەڵات تۆراون وەرن ئاشتیان بکەنەوە**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتادا فەرموبوی : ئێوە بەم کارەتان سەلماندتان کە لە پشت ئەو روداوەی هەڵەبجەوەن وەك یەکێتی قوتابیان !!!!**

یەکێك لە ئامادەبوان گوتبوی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە سەر بە قوتابیان نین بەڵکو کۆمەڵێك قوتابین ....

سەرۆکی پەرلەمان فەرمویوی ئەی بۆچی نوسیوتانە قوتابیان نانوسن خوێنکاران؟؟؟؟؟!!!!!!!!!

لەدرێژەی قسەکانیدا بەرێزیان گوتبوی : ئەی بۆ تەنها لە ئاسایشی هەولێر ئیزنتان وەرگرتوە و لەسلێمانی داوای مۆڵەتتان نەکردیە؟؟؟؟؟!!؟

یەکێکی تر لە نوێنەری ( تەلەبە )کانی ئێمەی هەڵە بجەیی بە جەنابی سەرۆکی پارلومان دەڵێت :

( جا بەرێزم ئێمە لە هەولێر رێپێوا نمان کردوە ئاسایشی سلێمانی بۆچیە؟؟ )

ئیدی کام یەکگرتنەوەیە لەو عەقڵییەتانە چاوەڕێ بکەین ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

قەومێلی فرە عەزیزی گەرمیانم ....

بۆ ئەوەی ئێوەش بە دەردی ئێمە نەچن و دەستی ئێوەش نەشکێنن هەروەك چۆن ئێستەئێوە دەبینن چ قوە تەوارییەك لە گەرمیاندا ماوەی هەفتەیەکە مۆڵ دەدرێن تا وەك درندە بەریاندەنە وێزەی ئێوە ئەگەر وتتان نا.

دەخیلە ئاگاتان لە خۆتان و فەرەنجیەکەی صمود بێت با لەسەر ئەوە گوللەباران نەکرێن .

خۆ ئێوە لەمن باشتر دەزانن ئەوە ماوەی 3 رۆژە ئەوەی نوزەی نارەزایی تێدا بێت لە گەرمیاندا یان بانگ کراوەتە مەڵبەند و کۆمیتەو پۆلیس وئاسایش یان بەتوندی ئاگاداری کەسوکاری کراوەو لە هەندێکیش پاکانە وەرگیراوەو برێکیش یان گیراون یان لەژێر ئیقامەی جەبریدان نەك بڵێن نا ..

دیارە دەسەڵات هەستی بەو نایە کردوە بۆیە بەرێز (مەحمدود سەنگاوی ) دەڵێت : ئەوەی دەست بۆ سیمبولی ئەنفال ببات دەستی دەشکێنین

جا بۆ ئەوەی دەستان نەشکێنن تکایە وامەن ....

---

*/ لە ئیستادا ناتوانم ناوی خۆم ئاشکرا بکەم چونکە لەم وڵاتەدا لەسەر ئازادی رادەربڕین لەوانەیە یان ئەنفال یان لەسێدارەت بدەن ئەگەر تیرۆر نەکرێیت ، بەڵام پەیمان دەدەم لە سەردەمێکدا ئازادی هەبێت ناسنامەکەم ئاشکرا بکەم .

Nawae new@yahoo.com